بەشە خۆراکی مانگانە ولاتیان هەراسان دەکات

ئەو بەشە خۆراکەی کە ولاتیانی شاری سلێمانی لە ڕێگەی بریکارەکانی دابەشکردنی خۆراکەوە وەری دەگرن کەموکوڕیەکی زۆری تیا بەدی دەکرێ، هەر لە درەنگ هاتنی بەشەخۆراک و جۆری خۆراکەکانەوە کە بووەتە هۆی بێزاری ولاتیان و بریکارەکان. بۆ ئەم مەبەستە بە باشمان زانی کە بەدواداچوونێکی خێرا بۆ کێشەو گرفتەکانی بەشە خۆراکی مانگانە بکەین، بۆ ئەم مەبەستەش ژمارەیەک بریکارو ولاتیی ئاساییمان دواند، ئەوانیش بەم شێوەیە ڕای خۆیان بۆ خوێنەرانی ڕۆژی گەل دیار کرد:

بریکار **شوعلە سابیر** سەبارەت بەم بابەتە وتی: هیچ مانگێک لەکاتی خۆیدا خۆراکەکانمان بە ڕێکوپێکی بۆ نایەت، خەڵکیش گلەییمان لێ دەکەن وا دەزانن لەدەسەڵاتی ئێمەدایە، لە بەڕێوەبەرایەتی دابەشکردنی خۆراکیشەوە پێمان دەڵێن کە دوکانەکانتان بەردەوام کراوەبێت، بەڵام کەسیش نایەت بۆ وەرگرتنی خۆراکەکەی چونکە هەر هەفتەیەو شتێک دێت هەمووی بەسەر یەکەوە نایەت هەروەها بە ولاتیان دەوترێت کە لەماوەی دە ڕۆژدا بچن بۆ خۆراکەکانیان کەچی لەوماوەیەدا هەموو شتەکان نایەت. لە قائیمەدا هەموو مانگێک شتەکانی هەموو تیایە کەچی تەنها دوو سێ شتمان بۆ دێت نازانم بۆچی ئەوانی ترمان بۆم نایەت؟!

ناوبراو ئاماژەی بەوەکرد کە هەشت مانگە برنجیان بۆ نەهاتووە واتا لەمانگی یەکەوە یەک جار برنجیان بۆ هاتووە. لە شتەکانیشدا تەنها ڕۆنی زەیتەکە باشە ئەوانی تر زۆر باش نین، سااڵی جارێک دۆشاو دێت ئەویش خراپ بووەو بەکەڵکی خواردن نایەت.

ولاتیەک کە لە خۆراک وەرگرتن دەهاتەوە نەیویست ناوی لە لاپەڕەکانی بلاوکراوەکاندا بنووسرێ، وتی: من هیچ لەو خۆراکەی وەری دەگرم ڕازی نیم، ئەوەتا ئێستا چووم بۆ بایەعی وەرگرتن تەنها سابونی بۆ هاتبوو ئەوانی تری بۆ نەهاتووە هەر ڕۆژەی شتێکی بۆ دێت!

ولاتی **خەجیجە محەمەد** پێی وابوو کە لەجیاتی خۆراکەکە پارە بدرێت باشترە بەڵام پارەیەکی زۆر ئەوەندا ببێت بتوانین کە خۆراکی مانگێکی پێ بکڕین، بە پارەکە دەتوانین شتی بەدڵی خۆمان پێبکڕین.

ولاتی **ئەختەر ئەحمەد** وتی: ئەو خۆراکەی کە مانگانە وەری دەگرم هەمووی ئەگۆڕمەوە بە شتی باشتر چونکە ئەوەی لە بایەعی وەری دەگرم بەکەڵکی خواردن نایەت خوا دەزانێت چەندە لە مەخزەنەکان ماوەتەوە ئێستا بۆ ئێمەی دەنێرن.

هەروەها ولاتی **ئەحمەد محەمەد** وتی: ئەم بایەعیەی وەری دەگرم بەشم ناکات چونکە خاوەنی ١٢ سەر خێزانم و بایەعیەکە هەموو مانگێک لەکاتی خۆیدا نایەت .

ڕاستیەکەی ئێستا کە مانگی ڕەمەزانە نرخی کەلوپەل و پێداویستی ڕۆژانە لە بازاڕەکاندا بە شێوەیەکی بەرچاو بەرزبۆتەوە، ئەمەش بۆ کەمتەرخەمی لایەنە پەیوەندارەکان دەگەڕێتەوە، بۆیە ولاتیان دەخوازن هەر لایەنی کەم لە مانگی ڕەمەزان دا بەشە خۆراکی مانگانە بەڕێکوپێکی بگاتە بریکارەکان و ئەوانیش بە پەلە بەسەر خەڵک دابەشی بکەن.

ئێمە بە پێویستمان نەزانی کە گلەیی و گازاندەی هەموو ئەو کەسانە بنووسینەوە کە سەبارەت بە کەموکوڕیەکانی بەشە خۆراکی مانگانە دەریان دەبڕی، چونکە کێشەکە تەنیا تایبەت بە پارێزگای سلێمانی نیە، بەڵکو سەرجەم شارەکانی کوردستان بەدەستیەوە دەنااڵێنن.

لەلایەکی دیکەشەوە وێڕای کەموکوڕی بەشەخۆراکی مانگانەو بەرزبوونەوەی نرخی خۆراک و کەلوپەل لە بازاڕەکاندا ئێستا دەنگۆی بەرزبوونەوەی نرخی غاز ترس و دڵەکوتەکی بۆ ولاتیان دروست کردووە، ئێستا نرخی بتڵێک غاز لە بازاڕی ڕەش بە ١٨ هەزار دیناڕە، هەروەها بڕیار وایە نرخی ڕەسمیشی کە چوار هەزار دیناڕە لەم ڕۆژە ببێ بە شەش هەزار دینار، ئەمەش بۆ لێدوانەکانی لایەنە پەیوەندارەکان دەگەڕێتەوە، ئەوانیش ئۆباڵی گرانبوونی غاز بۆ حکومەتی عێراق دەگێڕنەوە.

عێراق و کوردستان کەلەسەر دەریای نەوت دان و بە ولاتی پەترۆل ناسراون کەچی خەڵکی عێراق و کوردستان دەبێ بۆ وەرگرتنی بتڵە غازێک بە شەش هەزار ڕیز ببەستن! ئەمە لەکاتێکدا پاساو بە کەم هاتن دەڕێتەوە، بەڵام لە بازاڕی ڕەش دا زۆر بە ئاسانی بە ١٨ هەزار و ٢٠ هەزار دینار هەراج دەکرێ. ئایا حکومەتی عێراق لەم ڕەوشە بەرپرسیارە یان حکومەتی هەرێم ؟!

ئا: فەرەیدوون حسێن

کوردێک وەک ژنی شایستە و چالاکی بواری کۆمەڵایەتی و سیاسی ولاتی نۆرویژ هەڵدەبژێردرێ

ڕۆژی٢٠٠٧/٨/١٦ کۆنفرانسێک بەتایبەتی لە سەر ژنانی ولاتی داگیر کراو و شەرگتووی کوردستان ، کەند و کۆسپەکانی جیاوازی کەلتوری، شێوەی خۆگونجاندنی ژنانی پەنابەری کورد لەگە کۆمەڵگەی پێشکەوتووی نورویژ ئاماژەی پێکرا .

لەم کۆنفرانسەدا **گوڵاڵە** خانم ٢٠ دەقیقە وەختی بۆ تەرخان کرا تا کورتەیەک لە سەر مێژوو و هەڵکەوتوویی جوگرافیایی کوردستان ، سیاسەتی داگیرکەران و زوڵم و زۆری دووقات لە سەر ژن ، جێگە و پێگەی ژن لە کۆمەڵگەی کوردستان و شێوەی لێک گرێدانی کولتورە جیاوازەکان باسێکی چڕ و پڕی پێشکەشی کونفرانسەکە کرد .

وتەکانی گوڵاڵە خانم لەگەڵ پێشوازی گەرمی بەشداران بە چەپڵە لێدان کۆتایی پێهات. لەو کونفرانسەدا ٦ کەسی هەڵبژێردراو بو ژنی شایستە کاندید کرابوون. گوڵاڵە خانم لە نێوانیاندا بە کۆی دەنگ وەک ژنی شایستە هەڵبژێردرا. لەلایەن کونفرانسەکەوە خانمی **میبە گوندەرسن** ئەکتەری بەناوبانگی بواری شانۆ بۆ ڕێز گرتن لە ناوبراو دیاریەکی گرانبەهای پێشکەش کرد . میبە گوندەرسن دوای پێرۆزبایی وتی بەڕاستی گوڵاڵە خانم شایستەی ئەم دیاریەیە وکونفرانسەکە کەسێکی شیاوی هەڵبژاردوە. ئەم بەڕێزانەی خوارەوە بەشێ لە بەشدارانی کۆنفرانسەکە بوون .

ڕانگنی بیورنەبەک: لێکۆلەرەوە لە زانکۆی ئۆسلۆ

ئینگەلیسە لیەن: لێکۆلەرەوە لە سەر کەلتوری بیانی

هانە کرۆگ :گۆرانی بێژ

ئەلین تەویت :ژورنالیست و پرۆگرام لێدری تلویزیۆن

انە بیۆرگ سەترە: شاجوانی سااڵنی پێشوی نورویژ

ئانەتە بووە :وەرزشوانی بەناوبانگ

جەندین دوکتور و مەحامی لە خاجی سوور

چەندین ڕۆژنامەنووس و ژۆرنالیستی کانااڵی تەلەڤزۆنی ن.ر.ک.

جێگەی ئاماژەیە کە خاتوو **گوڵاڵە سەمیعی** ئەندامی سەرکردایەتی پارتی سەربەخۆیی کوردستانە، هەڵسوڕاوێکی چالاکئ بواری سیاسی و جڤاکییە.

ئەڕێ ڕیفراندۆمی کەرکوک چی بەسەر دێ؟!

ماوەیەکە سەرچاوەکانی هەواڵ لەژێر زمانەوە باس لە دواخستنی بەڕێوەبردنی ریفراندۆم دەکەن، هەندێک پێیانوایە کە تا مانگی ئایاری ٢٠٠٨ هیچ قسەیەک لە جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ و بەڕێوەبردنی ریفراندۆم ناکرێ، هەندێکی دیکە پێیانوایە کە ئەندامانی لیستی هاوپەیمانی کوردستان لە نێو پەرلەمانی عێراق دا زۆر بە تووندی کاردەکەن و خەم لەوە دەخۆن کە دەبێ ریفراندۆم لە کاتی دیاریکراوی خۆیدا بەڕێوەبچێ!! سەرباری هەموو ئەوانەشەوە من قسەو لێدوانەکانی سەرکردەو بەرپرسەکانی کوردستانم لە بیرە کە دەیانگوت و دووپاتیان دەکردەوە کە کەرکوک و ریفراندۆم هێڵی سوورن و کەس ناتوانێ بیانبەزێنێ!! ئەو کاتانەی کە خەڵکی هیواو ئاواتەکانی لەسەر ئەو قسەو لێدوانانە هەڵدەچنی من دەمنووسی کە ماددەی ١٤٠ لە کاتی دیاریکراوی خۆیدا جێبەجێ ناکرێ، ڕەوشی کەرکوک ئاسایی ناگەڕێتەوە و ریفراندۆمیش لە کاتی خۆی بەڕێوەناچێ، کەچی هەندێ وشکە سۆفی ڕەخنەیان لێم دەگرت و نامەیان بۆ دەنارد و منیان بەبێ ئاگا لە ڕووداوەکان دادەنا. تەنانەت هەندێک پێیانوابوو کە ئەمجارەیان سەرکردایەتی کوردستان بۆ داپۆشینی کەموکوڕیەکانی پێشوو، بۆ شاردنەوەی گەندەڵیەکان، بۆ ئەوەی جەماوەری کوردستان بەلای خۆیان ڕابکێشنەوە کێشەی کەرکوک یەکلایی دەکەنەوەو ماددەی ١٤٠ لەکاتی دیاریکراوی خۆی دا جێبەجێ دەکەن!!

من وەک کوردێک و وەک کەرکوکییەک هەمیشە ئاواتم بەو ڕۆژە خواستووە کە کەرکوکی دڵ و قودسی کوردستان بۆ باوەشی دایکی نیشتمان بگەڕێتەوە، بەڵام کاتێک بینیم سەرکردایەتی سیاسی کوردستان بە برگەی ٥٨ دڵی خۆیان خۆش دەکەن، دواتریش گرەوەکانی خۆیان لەسەر ماددەی ١٤٠ی دەستووری هەمیشەیی عێراق دەکەن، ئیدی من زانیم ژیراوژێر شتێک دڕ بە خواستی کەرکوکیەکان کراوە، من تێگەیشتم و دڵنیاشبووم کە مادام سەرکردایەتی کوردستانبوونی پاریزگاری کەرکوکی لە خانەی گومان داناوەو دەیەوێ بە ریفراندۆم کێشەکە یەکلایی بکاتەوە، ئیتر چارەنووسێکی نادیار لە ئارادایە.

من پێموایە کوردستانبوونی کەرکوک پێویستی بە ریفراندۆم نیە، شک و گومان هەڵناگرێ، ئەگەر یەک تاکە کوردیشی تێدا نەمابوایە ئەوسا دەبوایە سەرکردایەتی سیاسی کوردستان سازش لە سەر چارەنووسی کەرکوک نەکات و مل بۆ برگەی ٥٨ و ماددەی ١٤٠ نەدات، ئاخر کاتێک کورد بۆ خۆی گومان لەسەر کوردستانیبوونی کەرکوک دابنێ، دەبێ عەرەبی ڕەگەزپەرست و تورکمانی دەسکەلای تورکیای کەمالی چۆن بەرخورد لەگەڵ ئایینەدا بکەن و چۆن خۆیان بۆ مرداندنی ماددەی ١٤٠ ئامادە دەکەن.

من ئەوەی تێگەیشتووم ئیتر کەرکوک بە بەڵێنەکانی بەرپرسەکانی بەغدادو بە پشت بەستن بە پەیمان و موژدەکانی سەرکردایەتی سیاسی کوردستان یەکلایی نابێتەوە، دەبێ سەرەتا کەرکوکیەکان بۆ خۆمان ئاماباشی بکەین و یەکگرتووانە سەنگەری کوردستانیبوونمان پتەوو بەهێز بکەین، ئەوسا داوای هاوهەنگی و هاوکاری و پشتیوانی لە تەواوی کوردی شارەکانی تری باشووری کوردستان و پارچەکانی تری کوردستان و ئازادیخوازانی جیهان بکەین تا بە شێوازێکی هاوچەرخانەی خەبات کەرکوک بۆ باوەشی نیشتمانی دایک بگێڕینەوە.

من لە داهاتووی سەربەخۆیی کوردستان ڕەشبین نیم، بەڵکو گەشبینم و دڵنیاشم کە لەئایندەیەکی نەزۆر دووردا دەوڵەتی کوردستانی سەربەخۆ پێکدێ، بەڵام نایشارمەوە لەم شێوازی بازرگانی کردنە بە کەرکوکەوە ڕەشبینم،من پێموایە بەو سیاسەتەی کە ئێستا هەیە، بەو لۆژیک و تاکتیکەی کە ئێستا حزبەکان بەڕێوەی دەبەن نە ڕەوشی کەرکوک ئاسایی دەبێتەوە، نە عەرەبی هاوردە بۆ ئەو شوێنانە دەگەڕێنەوە کە لێی هاتوون، نە ریفراندۆم بەڕێوەدەچێ، نە ماددەی ١٤٠یش جێبەجێ دەکرێ، بەڵکو پێموایە بەو ڕەوشەی ئێستا نەک ریفراندۆم بەڵکو کەرکوکیش دواەخرێ.

ئێستا سەرکردایەتی سیاسی کوردستان و سەرکردایەتی سەرجەم حزبەکانی کوردستان باش لەوە ئاگادارن کە ئیتر ماددەی ١٤٠ لەکات و وادەی دیاریکراویدا جێبەجێ ناکرێ، ریفراندۆم بەڕێوەناچێ و عەرەبی عێراق بە سوننەو شیعەوە نایانەوی دان بە ناسنامەی کوردستانیبوونی کەرکوک دا بنێن، بەڵام بەداخێکی گرانەوە نازاندرێ لەبەر بەرژەوەندی حزبەکانیانە یان لەبەر هۆی نائومێدنەکردنی میللەتی کوردە باس لەو ڕاستیە ناکەن و دەیانەوێ لەکاتی خۆیدا کەرکوکیەکان و نەتەوەی کورد ڕووبەڕووی شتێک بکەنەوەو بڵێن ئەمە ئەمری واقیعەو لە دەستەڵاتی ئێمەدانیە!! خۆ دەکرێ هەر لەئێستاوە سەرکردایەتی حزبەکانی کوردستان ئەو ڕاستیانە بۆ خەڵک ڕوون بکەنەوە، ئاشکرا بە خەڵک بڵێن کە گرفت و کێشەکان لەمیانەو لەوپانە دایە، باشە بۆ دەبێ تاکو ئێستاش کە تەنیا ٣ مانگ ماوە هەر بەڵێن بە خەڵک بدرێ و هەر خەڵک چەواشە بکرێ و بە شتی ناڕاستەوە دڵیان خۆش بکرێ!!!

حەقیقەت ئەوەیە کە سەرکردەکانمان بڵێن لەبەر ئەو کۆسپرانە، لەبەر ئەو ڕەوشە سەختە و فشارەکانی دراوسێکانماندا ناتواندرێ ریفراندۆم بەڕێوەبچێ، بەڵام خۆ بێدەنگ کردن زۆر بە خراپ بەسەریاندا دەشکێتەوە.

قاسم کەرکوکی

پاک و خاوێنی نیشانەی شارستانی بوونە

گەر لەشارەکەی کاک ئەحمەدی شێخ و مەلیکی کوردستان و دارولمولیکی بابان بڕوانین دەبینین لە دوای ڕاپەڕینەوە دەستی بەخۆیدا هێناوەو جموجۆڵی تێ کەوتووەو گەشەو جوانکاری تا ڕادەیەک بەخۆوە بینیوە، هەر لەبەرزکردنەوەی بیناو شوقەو قیرتاوکردنی شەقامەکان و کۆنکرێت کردنی کۆڵانەکان و ڕازاندنەوەی چەند باخچەیەک و چەند شتێکی تر. هەرچەندە شارەوانی چەندین کاری جۆراوجۆری لە خزمەت گوزاریدا کردووە، ئەگەرچی وەکو پێویست نیە بەاڵم کورد وتەنی (با قسەیەکیش بۆ دز بکەین) خەڵکی ئەم شارە هەرچەندە خەڵکێکی کەمی شاری تیا ماوە بەاڵم هیچی شارو شەقامەکان و ڕێگاوبان و شوێنەگشتیەکان و ئەتوانم بڵێم تایبەتیەکانیش بە مولکی خۆیان نازانن وەک ئەوەی لە شارێکی تردەوە هاتبن و وەک ڕێبوارێک گوزەر بەم شارەدا بکەن و بۆ ماوەیەکی کاتیەو بەجێی دەهێڵن! مرۆڤی وا هەیە کە ڕۆژانە چەندین پاشماوە لە پاش خۆی بەجێ دەهێڵێت بەبێ ئەوەی هەست بە لێپرسراویەتی بکات و هەستی شارستانی و مرۆڤایەتی و ڕۆحی هاوکاری تێدا بێت بە وردی باس لەو پاشماوەو پاشەڕۆیانە بکەین کە لە پاشیان بەجێ دەمێنێت بە چەندین دێرو لاپەرە کۆتایی نایەت بەاڵم کەمترینیان ئەژمار ئەکەین. بۆ نموونە کە بەیەکێک لە شەقامەکانی شاردا گوزەر دەکەین دەبینین لە پڕ جامی ئۆتۆمبێلێکی مۆدێل بەرز بە خێرایی دەکرێتەوە نەوەک هەوای فێنک کەرەوەکەی ناو ئوتومبێلەکەی تێکەڵ بەهەوای دەرەوە دەبێت هەر لەوێوە قتوەیەکی ساردی، بتڵە ئاوێکی بەتاڵ، پاکەتە کلینیکسێک یان جگەرە فڕێ دەداتە دەرەوە بەبێ ئەوەی هەست بکات لەدوای خۆیەوە چەند ئوتومبێلێکی تر بەڕێرەوەکەی ئەودا تێپەڕ دەبێت. لەلایەکی ترەوە ولاتیان شوێنە گشتیەکان و ڕازاندنەوەی چەند باخچەیەک و چەند شتێکی تر. هەرچەندە شارەوانی چەندین کاری جۆراوجۆری لە خزمەت گوزاریدا کردووە، ئەگەرچی وەکو پێویست نیە بەاڵم کورد وتەنی (با قسەیەکیش بۆ دز بکەین) خەڵکی ئەم شارە هەرچەندە خەڵکێکی کەمی شاری تیا ماوە بەاڵم هیچی شارو شەقامەکان و ڕێگاوبان و شوێنەگشتیەکان و ئەتوانم بڵێم تایبەتیەکانیش بە مولکی خۆیان نازانن وەک ئەوەی لە شارێکی ترەوە هاتبن و وەک ڕێبوارێک گوزەر بەم شارەدا بکەن و بۆ ماوەیەکی کاتیەو بەجێی دەهێڵن! مرۆڤی وا هەیە کە ڕۆژانە چەندین پاشماوە لە پاش خۆی بەجێ دەهێڵێت بەبێ ئەوەی هەست بە لێپرسراویەتی بکات و هەستی شارستانی و مرۆڤایەتی و ڕۆحی هاوکاری تێدا بێت بە وردی باس لەو پاشماوەو پاشەڕۆیانە بکەین کە لە پاشیان بەجێ دەمێنێت بە چەندین دێرو لاپەرە کۆتایی نایەت بەاڵم کەمترینیان ئەژمار ئەکەین. بۆ نموونە کە بەیەکێک لە شەقامەکانی شاردا گوزەر دەکەین دەبینین لە پڕ بڕی، هەرچەندە هەریەک لە ئێمە بە کێشەیەکەوە سەرمان قاڵەو بەدوای بژێوی ژیاندا وێڵین کە ئەوە هەر بەکێشە نازانین کە شار پیس بێت یان نا لەبەر نەبونی زۆرێک لە خزمەتگوزاری و نەبونی شوێنی نیشتەجێ بوون. پیس بون و نەبونی ئاو کە سەرچاوەی ژیانە کە بە گرنگترین و سەرەکی ترینیان دادەنرێ. زۆرێک لە کەناڵە ڕاگەیاندنەکان بە هەموو جۆرەکانیەوە ئەم بوارەیان فەرامۆش کردووە هیچ کات بە بیر ولاتی ناهێنەوە کە پاک و خاوێنی تا چەند پێویست و گرنگە مەگەر لەکاتێکدا کە نەخۆشیەک لەناوماندا تەشەنەبکات و دواجار بانگەواز بۆ چارەسەرکردن و خۆپاراستنی دەکرێت ئەویش بۆ ماوەیەکی کاتیە. گەر هەر ولاتێک لەئاستی خۆیەوە بەردێک یا کاغەزێک هەڵبگرێتەوە بیکاتە شوێنی تایبەتەوە ئەوا هیچ کات پێویستیمان بە کرێکاری بیانی نابێت کە چەند نابەدڵ شارەکەمان بۆ خاوێن دەکەنەوە هەرچەندە نیشانەی لاسایی کردنەوەی خەڵکی ڕۆژهەاڵت تەنها بەڕووکەشەو بۆ جل و بەرگ و خواردن و شتی لابەلایە بەاڵم لەڕووی زانست و فێربون و پەروەردەکردنەوە نەمان توانیوە سود لەو ئەزمون و پێشکەوتنە شارستانیەی ئەوروپا وەربگرین.

شیلان عەبدوڵاڵ